International Theatre Institute
World Organization for the Performing Arts

# پەیامی ڕۆژی جیهانی شانۆ

# 2013

## پەیامی داریۆ فۆ

سەردەمانێک لەمەوبەر، دەسەڵات مەسەلەی بێحەوسەڵەیی خۆی بەرامبەر ئەکتەرانی 'کۆمێدیا دێل ئارتێ' بەوە یەکلاییکردەوە کە وڵاتبەدەریان بکات.

ئەمڕۆکەش ئەکتەران و کۆمپانیاکانی شانۆ بە ئەستەم تەختەی شانۆ و هۆڵ و بینەریان دەستدەکەوێت. ئەمانەش هەمووی بەهۆی قەیرانەکەوەیە.

لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایان چی دی باکیان بە کۆنترۆڵکردنی گرفتی ئەو کەسانە نیە کە بەشێوەی بەلاغی و بە گاڵتەجاڕیانە بیروڕای خۆیان دەردەبڕن، چونکە نە جیگەیەک هەیە بۆ ئەکتەر و نە بینەرێکیش هەیە نمایشی بۆ بکرێت.

بە پێچەوانەشەوە، لە سەردەمی ڕێنیسانسدا لە ئیتاڵیا دەستەڵاتداران ناچاربوون ڕێوشوێنی توند بگرنەبەر بۆ بەرگرتن بە ئەکتەرە کۆمیدیەکان، چونکە بینەرێکی زۆریان هەبوو.

زانراوە کە کۆڕەوی ئەکتەرانی 'کۆمێدیا دێل ئارتێ' لە سەدەی دژە ریفۆرمدا روویدا، کە بڕیاردەرچوو بۆ لەبەریەک هەڵوشاندنی هەموو هۆڵی شانۆکان، بەتایبەت لە شاری رۆما، چونکە لەوێ بەوە تۆمەتبارکرابوون کە سوکایەتی بە شاری پیرۆز دەکەن. لە ساڵی ١٦٩٧ دا، پاپا ئینۆسینتی ١٢ [ئینۆسنت واتە بێتاوان یان بێگوناە. و] لەژێر کاریگەری فشاری داواکاری بەردەوامی بەرەی زیاتر کۆنەپارێزی بۆرجوازەکان و زۆربەی پیاوانی کڵێسا، بڕیاریدا بە خاپورکردنی هۆڵی شانۆی تۆردینۆنا، کە بە گوێرە ئاکارگەراکان، زۆرترین ژمارە نمایشی بێئابڕووی ئەنجامدابوو.

لە سەردەمی دژە ریفۆرمدا، کاردیناڵ 'کارلۆ بۆرۆمیۆ'، کە لە باکوری ئیتاڵیا چالاک بوو، خۆی تەرخانکردبوو بۆ رزگارکردنی 'منداڵانی میلان' و جوداکارییەکی ئاشکرای دانابوو لە نێوان هونەری راستەقینە، وەک باڵاترین شێوەی فێربوونی رۆحانی، لەگەڵ شانۆ، کە بەرجەستەبوونی دەمپیسی و پڕوپوچییە.

لە نامەیەکیدا کە ئاراستەی هاوپیلانەکانی کردبوو، کە وەکو خۆی ئەینوسمەوە، زۆر تا کەم بەم جۆرە دواوە "وەک بایەخی بەردەوامان بە ریشەکێشکردنی خراپەکاری، ئەو پەڕی هەوڵماندا وە بۆ سوتاندنی ئەو دەقانەی کە وتەی بەدفەڕیان تێدابوو، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە یادەوەری خەڵکدا بیانسڕینەوە. لە هەمان کاتیشدا دادگاییکردنی ئەوانەی کە ئەو جۆرە دەقانەیان بەیانکردوە. وەک دیاریشە، کاتێک ئێمە لە گەرمەی خەودابووین، شەیتان زەفەری هێناوە. دەبێت چی لەوەی بە چاو دەبینرێت زیاتر رۆحمان بسمێت وەک لەوەی لەو جۆرە کتێبانەدا دەخوێنرێنەوە! چی لەو وشە مردووانەی ناو کتێبە چاپکراوەکان زیانبەخشترە بە نەوجوانان و کچە لاوەکانمان! بۆیە ئەرکێکی پەلەیە شارەکانمان پاکبکەینەوە لە شانۆکاران، وەک چۆن لە رۆحە نەویستراوەکان پاکیان دەکەینەوە."

بۆیە تاقە چارەی ئەم قەیرانە لەو ئومێدەدایە کە شاربەردەرکردنێکی مەزن لە دژمان ڕێکبخرێت، بەتایبەت لە دژی کەسە لاوەکان کە خوازیارن فێری هونەری شانۆ بن: تاراوگەیەکی نوێی بۆ ئەکتەرە کۆمیدییەکان، بۆ شانۆکارەکان، ئەوانێک کە لە ئەنجامی ئەم دۆخە بەزۆر سەپاوەوە، بەبێ گومان قازانجێکی زۆر دەکەن لە پێناو گوزارشتکردنێکی نوێدا.

KORÎ ŞANOY BA
THEATER OF WIND